## گۆڕان رێگای چاکسازی و پێشکەوتنە ..بەشی 2 .... هادی عەلی

گۆڕان لە دیدێکی ئیسلامییەوە:

ئیسلام وەک دوا پەیامی ئاسمانی بۆ مرۆڤەکان بە گشتی، لە قۆناغێکدا هاتووەتە خوارەوە کە بە کۆتایی تەمەنی کاڵفامی و ناکامڵی و سەرەتای تەمەنی کامڵبوون و پێگەیشتنی مرۆڤایەتی وەسف دەکرێت، هەر بۆیە پێغەمبەری ئیسلام دوا پەیامبەری خودایە، پەیامەکەشی (قورئانی پیرۆز) دوا پەیامی ئاسمانە بۆ سەر زەوی و بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی تا کۆتایی ژیان.

هاتنەخوارەوەی قورئانی پیرۆز لەو سەردەمەدا شۆرشێکی گەورە و پێشکەوتوو بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و گۆڕانی ریشەیی و قووڵی لە گشت بوارەکانی ژیاندا هێنایە کایەوە، ئەو شۆڕشە مەزنە سەرەتایە کە بە هێز کاریگەر بوو بۆ گۆڕانکاری فراوان و پێشکەوتنی بەردەوام.

ئەو واقیعەی پەیامی ئیسلامی دروستی کرد لەسەر دەستی پێغەمبەر (د. خ) و هاوەڵە بەرێزەکانیدا، پێشکەوتنێکی گەورە و بێ وێنە بوو بە بەراورد لەگەڵ قۆناغە مێژووییەکانی رابردووی هاوزەمانی خۆی و چڵەپۆپەی پێشکەوتن بوو تا ئەو رۆژگارە، بەڵام دیارە ناکرێت دابنرێت بە کۆتایی مێژوو، بەڵکو سەرەتایەکی پێشکەوتوو و کاریگەر بوو بۆ رێبەرایەتیکردنی ژیان و ئاراستەکردنی شارستانێتیی مرۆڤایەتی و هێنانەدیی پێشکەوتن و گۆڕانی فراوانتر و گەورەتر لە گشت سەردەمێکدا، ئەم بۆچوونە ناکۆک نییە لەگەڵ ئەو راستییەدا کە ئاستی دڵسۆزی و پابەندبوونی هاوەڵە بەرێزەکانی پێغەمبەری ئیسلام و ئامادەیی تەواویان بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی پەیامی ئیسلام و خۆبەختکردنی بێ وێنەیان لەو پێناوەدا لە چڵەپۆپەدا بووە و بۆ هەمیشە پێشەنگ و مامۆستا و سەرمەشق و خاوەنی سەروەریی مەزنن بۆ گشت نەوەکانی دوای خۆیان، بەڵام تێگەیشتن لە ئیسلام و بەجێهێنانی لەسەر ئەرزی واقیع کار و جێ دەستی مرۆڤەکانە و بەندە بە هەل و مەرج و پێداویستییەکانی هەر سەردەم و کۆمەڵگەیەک و مەسەلەیەکی مێژووییە لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆیە لە نوێکردنەوە و گۆڕانی بەردەوام لە تێگەیشتنمان بۆ ئیسلام و داهێنانی هۆکار و میکانیزمی نوێ بۆ هێنانەدیی بەها و بنەماکانی ئیسلام زەروورەتێکی بەردەوام و هەمیشەییە.

راستە کە دەقەکانی قورئان و بەها و بنەما گشتییەکانی ئیسلام رەهان و نەبەستراون بە هەل و مەرج و کاریگەرییەکانی رۆژگارەوە، بەڵام بۆ هەر سەردەمێک راڤەکردن و تێگەیشتنی نوێ دەخوازێت و میکانیزمی نوێی گەرکە بۆ جێبەجێکردنی بەها و بنەماکانی ئیسلام لەسەر واقیع، کەواتە بنچینەی گۆڕان لە ئیسلامدا پەیوەستە بە تێڕوانینمان بۆ فیقهی ئیسلامی و فیقهی دابەزاندنی دەقەکانی قورئان و حەدیس لەسەر واقیع، فیقهی ئیسلامی بەو واتایەی کە بریتییە لە کارلێککردنی واقیع لەگەڵ رووداوو پێداویستییەکانی تاک و کۆمەڵگە لە هەر سەردەم و هەل و مەرج و ژینگەیەکدا، کە بەردەوام لە گۆڕاندایە.

ئەوەش دەخوازێت کە دەرگای (اجتهاد) بەردەوام واڵا بێت بۆ پێشکەشکردنی تێگەیشتنی نوێ و رێگاچارەی نوێ بۆ مەسەلەکانی رۆژگار و پێداویستییەکانی تاک و کۆمەڵ، هەر وەک شێخ (راشد الغنوشی) دەڵێت: ( الاجتهاد هو الاداة الدائمة التفاعل بين النص الثابت "الوحي" و بين الواقع المتطور.. وسر خلود الاسلام في تجديد الاجتهاد)[4].کەواتە فیقهی ئیسلامی پێویستە بەردەوام لە گۆڕان و نوێبوونەوەدا بێت و تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە هەر ئاست و سەردەمێکدا بێت خاوەنی پیرۆزی و رەهایی نابێت، چونکە ئاستی راستی لە تێگەیشتنی مرۆڤەکاندا مەسەلەیەکی رێژەییە و لە ژێر کاریگەریی چەندین هۆکاری خودی و بابەتیدایە و بەندە بە هەل و مەرج و تایبەتمەندییەکان و شوێنەوە.

رێکخستنی ئایەت و سورەتەکانی قورئانی پیرۆزیش بە شێوەیەکی جیاواز لە بەرواری دابەزینیان و بە بێ رەچاوکردنی بۆنە و هۆکاری دابەزینیان، ئاماژەیەکی گرنگ و بەهێزە بۆ جێگیرکردنی خاسیەتی هەمیشەیی و رەهابوون لە کۆت و پێوەندی کات و شوێن و بۆنەکان و هۆکارەکانی دابەزینی ئایەت و سورەتەکان، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەیە کە تێڕوانینێکی هەمەلایەنە و گشتگیر پێشکەش بکات کە شیاوی هەموو سەردەم و هەلومەرج و گۆڕاوەکان بێت.

پێغەمبەرێتی قۆناغبەندییەکی نەگۆڕ نین بۆ گشت زەمان و کاتێک (5) ، ئەوەی کە مایەی نیگەرانییە ئەوەیە کە تێڕوانین و ئامادەیی تەواو و بە جورئەت لە ئاستی پێویستدا نییە، تەنانەت لای رێبەرانی رابوونی ئیسلامیی هاوچەرخیش بۆ (اجتهاد) کردن و هێنانەکایەی چەمک و میکانیزمی نوێ و هاوچەرخ کە لە ئاستی ئەو هەموو گۆڕانکارییە ریشەیی و قووڵەدا بێت کە لە کۆمەڵگاکانی ئەو سەردەمەدا هاتووەتە کایەوە، لە ژێر کاریگەریی تەکنەلۆژیا و شۆرشی مەعلوماتی و جیهانگیریدا، ئەوەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مانەوەی دواکەوتن و پەراوێزبوونی کۆمەڵگە موسڵمانەکان لە گشت بوارەکانی ژیاریدا، وێڕای ئەوەش دوو ئاراستە و هەڵوێستی ناکۆک و دژ بەیەک لە

ساحەی ئیسلامی و نوخبەی رۆشنبیریدا هەیە سەبارەت بە تێڕوانین و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوور و فیقهی ئیسلامیدا، ئاراستەیەک کە پابەندبوون بە رابردوو بە گشت بەرهەم و شێوازی بیرکردنەوە و ئەو دەزگا و دامەزراوانەی کە لە رابردوودا هێنراوەتە کایەوە بە مەرج و خواستی ئیمان و ئیسلام دەزانێت و هەر جۆرە گۆڕانکاری و نوێکردنەوەیەک رەت دەکاتەوە.. لە بەرامبەردا ئاراستەیەکی تر هەیەکە داوای دابڕان لە رابردوو دەکات و هەموو بەرهەم و بیرکردنەوەیەکی پێشین رەت دەکاتەوە.

ئەو دوو ئاراستەیە یان ئەو دوو هەڵوێستە ئەگەرچی بە ناوەڕۆک و رواڵەت تەواو دژ بە یەکن، بەڵام هەردووکیان دەرەنجامێکی هاوشێوەیان هەیە، کە بریتییە لە داخرانی فیکری و لەکارخستنی ژیری، بەڵام هەرکام بە ئاراستەیەک.. هەردوو ئاراستەکە بڕوایان بە (سەردەمێکی زێڕین) هەیە و بە هەموو شێوەیەک بەرگری لێ دەکەن و هەوڵی لە پێناودا دەدەن، جیاوازییەکەیان تەنها لەوەدایە کە یەکەمیان چاوی لە رابردوویەکی خەیاڵییە و حەز دەکات ئێستا بگێڕێتەوە بۆ ئەو رابردووە، یان ئەو رابردووە بگوازێتەوە بۆ ئێستا.

هەرچی ئاراستەی دووەمە شەیدای سەردەمێکی زێڕینی خەیاڵییە لە ئایندەدا، کە ئەستەمە بێتەدی. مەترسیی ئەو جۆرە هەڵوێست و بۆچوونانە لەوەدایە کە هەڵگرەکانیان وا لێ دەکات لە واقیع دابڕێن و بە تێڕوانێکی (استعلائی) یەوە سەیری غەیری خۆیان بکەن، بە بێ ئەوەی پەیوەندیی کارلێککردنێکی سروشتی و عەمەلییان هەبێت لەگەڵ واقیع و داخوازییەکانیدا (6) .

پێویستە هاوسەنگییەک رەچاو بکرێت لە نێوان رابردوو و ئێستادا، بە مەرجێک ئەو راستییەش لەبەرچاو بگیرێت کە فیقهی ئیسلامی چەمکەکانی و چارەسەرەکانی بۆ سەردەم و هەل و مەرجەکانی کاتی خۆی بووە و نابێ سیفەتی نەمری و هەمیشەیی پێ بدرێت.

بە پێی بۆچوونی (د. موحسین عەبدولحەمید) پێویستە گۆڕان و ئیجتیهادکردن لەسەر بنەمای (من الوحى الى العێر) بێت، نەک لەسەر بنەمای (من الفقه الى العێر) ، هەروەها دەڵێت: ( العقل السلفي الجامد بشقيه السني و الشيعي ليس مرشحا لقيادة المشروع الاسلامي في هذا العصر)[7]. ئەو ئیشکالیەتەی کە دوچاری عەقڵی ئیسلامی بووە لەوەدایە کە زۆر کەس لەوانەی شارەزای ئیسلام و دەقەکانی قورئانن وەک پێویست شارەزای واقیع و گۆڕانکارییەکانی نین، لە هەمان کاتیشدا زۆر کەس لەوانەی کە شارەزای واقیعی سەردەمن، زۆر بێ ئاگان لە راستیی ئیسلام و دەقەکانی قورئان، ئەم ئیشکالیەتە یان ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە پێویستە چارەسەر بکرێت، چونکە بنەمای گۆڕان و نوێبوونەوەی ئیسلام و بە ئیسلام بەستراوە بە زانستی دابەزاندنی دەقەکان لەسەر واقیعی سەردەم (8) .

راستە کە رابوونی ئیسلامیی هاوچەرخ توانیویەتی تا رادەیەکی باش متمانە بگێڕێتەوە بۆ ئیسلام و رێگاچارەی ئیسلامی بۆ زۆرێک لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە موسڵمانەکان و، تەیاری ئیسلامی ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا بەهێزترین و کاریگەرترین هێزی ئیسلامی کۆمەڵایەتین و، لە چەند وڵاتێکدا راستەوخۆ کاروباری دەوڵەتیان گرتووەتە دەست یان بەشدارن لە حکومەت و پەرلەمانەکاندا، بەڵام ئەوەش نکوڵیی لێ ناکرێت کە رابوونەکە نەیتوانیوە شۆڕشێکی فیکری و فەرهەنگیی بەهێز و کاریگەر بەرپا بکات، کە لە ئاستی ئەو گۆڕانکارییە گەورە و ریشەیی و فراوانەدا بێت کە لە جیهانی هاوچەرخدا رووی داوە و هاتووەتە کایەوە، چونکە ئەو هەل و مەرج و گۆڕانکارییە گەورە و کاریگەرانەی کە هاتوونەتە کایەوە و رووبەڕووی کۆمەڵگە موسڵمانەکان و تەیاری ئیسلامی بووەتەوە، دەخوازێت فەلسەفەیەکی ئیسلامیی نوێ و فیقهێکی نوێ و هاوچەرخ دابڕێژرێت، وەگەر نا رابوونی ئیسلامی و تەیارە سیاسییەکەی لەمە زیاتر ناتوانێت رێبەرایەتیی راستەقینەی سەردەمەکە بکات و ئیستیعابی گۆڕانکارییەکانی بۆ ناکرێت بەرەو پەراوێزبوون و پاشەکشە دەچێت.